# بەختیار عەلی
# چاوپێکەوتن لەگەڵ «محەمەد طە حوسەین»
# بۆ ڕۆژنامەی برایەتی

**پرسیار: فیکر وەک وەزیفەیەکی عەقڵی و تەرجەمەی پرۆسێسی بەرخوردی تاک لەگەڵ معطیاتە ماددی و مەعنەوییەکانی وجود وەک ئیستکشافێک بۆ وردەکارییەکانی بونیادە فەلسەفی و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان لە نێو خوێندەوارانی کورددا تا چەند بەرهەممهاتووەو پێتان وایە ئێستا سەرەتایە یان وا لەسەر سکەکەداین؟**

بەختیار عەلی: ڕاستە فیکر تەرجەمەی پرۆسەی بەرخوردی تاکە لەگەڵ کۆی دراوەکانی دەوروبەردا. دیارە فیکر بە مانا زۆر سادەکەی هەمیشە هەیەو هەبووە. واتە کۆمەڵگایەک نییە بێ فیکر. بەڵام کاتێک قسە لە «نەبوونی فیکر» دەکەین مەبەستمان لە هەندێ ئاستە کە دەکرێت بە مجۆرەی خوارەوە کورتیانبکەمەوە

١- فیکر وەک تەجاوەزکردن و بەزاندنی شێوە سادەو سەرەتاییەکانی بیرکردنەوە. واتە جێهێشتنی ئەو جۆرە سیستەمە جێگرو نەگۆڕەی تەفسیرکردنی دونیا کە لەسەدە دێرینەکانەوە هاتووەو پێکهاتەکانی بە ئاشکراو نهێنی لە دنیابینی ئێمەدا ماوەتەوە.

٢- فیکر وەک چالاکییەک لەڕووی مەعریفییەوە، سنووری خۆی لە مێژووی کولتووری نەتەوەییدا دیلناکات، ڕیشەو سەرچاوەی خۆی لەو کولتوورەدا کۆتناکات و هەوڵدەدات لە ئێستای ڕۆشنبیریی دونیادا بژی. فیکر لە ڕوبەرێکی گەورەیدا ئەوەیە لە ئێستاو ڕابوردووی کولتوورە فیکرییەکانی دیش تێبگەیت.

٣- فیکر بە مانا مەنهەجییەکەی. ڕەچاوکردنی مەرجە زانستی و میتۆدییەکانی بیرکردنەوەیە.

٤- فیکر بە مانای توانای عەقڵ بۆ چاوەدێرکردن و خوێندنەوەو پێداچوونەوەی ڕەوشی خۆی.

ناتوانین قسە لەسەر لەدایکبوونی فیکر بکەین بەبێ قسەکردن لەسەر توانای پیاچوونەوە، سانسۆرکردنی مەعریفی ، دیالۆگی ناوەکی مەنهەجیانە ، بەزاندن و شکاندنی هەمیشەیی سنورەکان.

٥- دروستبوونی جۆرە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی فیکری تیادەرکەوێت. واتە لەدایکبوونی کۆمەڵگایەک، فیکر بتوانێت «بێدابەزین لە ئاستی خۆی » ببێتە هێز.

پێموایە ئەو مەرجانەی سەرەوە گرنگن بۆ دەستنیشانکردنی سروشتی گەشەکردنی فیکر لە هەر کۆمەڵگایەکدا. ئەگەر ئەو فاکتەرانەی سەرەوە بکەینە پێوەر. ئەوا وەک لە جێگاکانی دیکەشدا ئاماژەم پێکردووە، ڕۆشنبیری ئێمە «گەشەیەکی ناهاویەک» دەکات، لە دونیای ڕۆشنبیری ئێمەدا ڕوبەری ئێجگار گەورەو تاریک دەدۆزینەوە کە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە. زۆر لەو عەقڵییەتانەی لەڕووی ڕەسمییەوە ئاڕاستەی دەزگاو یەکێتی و ناوەندەکان دەکەن، نوێنەری تاریکستانی فیکری و عەقڵی ئێمەشن. لە هەمان کاتیشدا بە ڕەوشێکی پێچەوانە نەوەیەکی دیکە لە نوسەرو ڕۆشنبیران دەبینین هەوڵی تەجاوەز، هەوڵی بیرکردنەوەی مەنهەجی، هەوڵی داڕشتنی جۆرە سیستمێکی دیکە دەدەن.

من ناتوانم تەواو قسە لە سەرەتا بکەم، چونکە لە کۆمەڵێک بواری گەورەی ژیانی فیکری و ڕۆشنبیری ئێمەدا تا ئێستا جەهل بە مانا پەتییەکەی، بە مانای «کرکەوتن بەسەر هەندێ قەناعەتی نەگۆڕدا، بەمانای ونبوونی مەنهەجییەت، بەمانای فەرامۆشکردنی دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی فیکر...هتد» تەواو باڵادەستە. بەڵام بەو دیوییشدا هەندێ ڕوبەری دیکە هەیە، دابڕانی لەو فەزا باڵادەستە کردووە بە ستراتیژ و ئامانج.

ئەمرۆ یەک ڕۆشنبیری کوردی بوونی نییە، بەڵکو دوو ڕۆشنبیری هەیە، یەکێکیان لە زوڵماتی تەواودا دەژی، لەسەدە تاریکەکاندا دەژی، ئامادەنییە جگە لە سپێتی و بۆشایی و هەژاری «لە ڕوانین و ماناداـ» هیچی تر بەرهەمبهێنێت. بەودیویشدا ڕۆشنبیرییەکی تر هەیە کەدەیەوێت بەجۆرێکی تر ئیشبکات و ئاستی کەمی ئەو داواکاریانە بهێنێتەدی کە فیکر و جیدییەت پێویستییان پێیەتی. جێی داخ و مایەی ترس و نیگەرانییە ئەو دابەشبوونە لەوە ئاشکراترە بکرێت لەیەک یەکەدا کۆبکرێتەوە. لە چەندین ئاستی ژیاندا بەراورد بە سەرەتاکانی سەدەی بیستیش کە زەمەنێکی هێندە گوڵ ڕەنگ نییە ئێمە گەڕاوینەتەوە دواوە، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا نوسین لەسەر جنس و ئازادی بەو شێوەیەی ئەمرۆ لەژێر هەڕەشەو ترسدا نەبوو، پیاوێکی ئاینی ئەو ماڤەی بە خۆی نەدەدا خەڵکانێک بکاتە «بێئەخلاق» لەبەرئەوەی دەچن بۆ گوێگرتن لە کۆنسێرتی گۆرانیبێژێک، یان لە سی ساڵ لەمەوبەردا کۆمەڵگای ئێمە هێزی وای تیانەبوو هونەرمەندێک «تەنیا لەبەرئەوەی هونەرمەندەو خەڵکانێک خۆشیاندەوێت» بە مایەی فەساد بزانێت.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا سیاسی و ناسیونالیستەکانی ئەو سەردەمە ڕۆشنبیرو ڕۆشنگەری سەردەمی خۆشیان بوون. هیچ کەسێک بواری بە خۆی نەدەدا بە ناوی کوردایەتیی و کوردەوە بڵێت ئێمە پێویستمان بە دنیای دەرەوە نییە و هێمن و هەژارمان بەسە یان بە ناوی کارەساتە نەتەوەییەکانەوە دژی تازەکردنەوە بوەستێت. ئەمجۆرە دیدانە بەرهەمی تێکەڵاوبوونی جەهلی سیاسییە بە جەهلی ڕۆشنبیری. لێرەوە وەک چۆن لە هەندێ ئاستدا ئێمە دەچینە پێشێ، لە هەندێ ئاستی تردا لە تاریکترین سەدەدا دەژین... ڕۆژانە لە دنیای ئێمەدا دوو هەڵوێستی جیاواز لەدایکدەبێت، ئەو دوو هەڵوێستە دژە بەرهەمی دابەشبوونێکی گرنگی ناو هەناوی کۆمەڵگای ئێمەن.

**پرسیار: ئەگەر فیکر وەک چەمکێکی سایکۆمێنتالی وەرگرین، لە بەرهەمهێنانی و پاشان لە سیستماتیک کردنیدا دەبێ ئۆتۆماتیکیانە بەشە پێکهاتەکانی بونیادەکانی فیکر بەهەموو بوارەکانییەوە لەبەر یەک هەڵوەشێنینەوەو کاتێک تێزی فیکری تازاە لە دایکدەبن دەبێ شارەزایانە ئەو ڕۆشنبیرەی کار لە بواری فیکردەکا لە پرۆسیسی هەڵنان و بەیەکەوە بەستنەوەی بەشە تازەکانیدا وریابێ، واتە هەم لە تەحلیل و هەم لە تەرکیبدا شارەزا بێ، لەو حاڵەتەدا پێتان وانییە ئەگەر بەرهەمی فیکری بە میتۆدە ئەکادیمییەکانیشدا تێنەپەڕێ ئەوا ئەرکێکی تۆژینەوانەی ئەنجامدەداو ئیستیکشاف و استنتاج دەکا؟**

بەختیار عەلی: یەکێک لەهەرە کێشە گەورەکان لە مەسەلەی میتۆدا، مەسەلەی ڕاڤە و ئاوێتەکردنە، «تحلیل» و «ترکیب».

حەزدەکەم پرسیارەکەی بەڕێزتان لە ئاستە ئەبستمۆلۆژییەکەیدا وەرگرم.

ڕاڤەکردن، سروشتی ئەو چالاکییە مەعریفیانەیە کە دەکەوێتە ناو سنووری کایەیەکی دیاریکراوەوە، ئیدی کۆمەڵناسی بێت، فەلسەفە بێت یان هەر چالاکییەکی تر. بەڵام ئاوێتەکردن «ترکیب» چالاکییەکی باڵاترە، واتە بریتییە لە گرێدانەوەو کۆکردنەوەی دەرەنجامەکانی کارکردن لە کۆمەڵێک کایەی جیاوازدا لە ناو یەک سیستمی نوێی بیرکردنەوەدا.

لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەم کێشەیە سروشتێکی تایبەتی خۆی هەیە. لە و بونیادە تەقلیدییەدا کە ئێمە ئەمرۆ بە توندی ڕەخنەی بکەین. چ پرۆسەی ڕاڤەکردن و شیکردنەوە، چ پرۆسەی ئاوێتەکردن یان هەر نین یان لە نزمترین ئاستدان.

لێرەدا نامەوێت قسە لە سروشتی ئەو ئەلتەرناتیفانە بکەم کە ڕۆشنبیریی تەقلیدی ئێمە دەیگرێتە بەر بۆ داپۆشینی ئەو کەموکورتییە. بەڵکو دەپرسم ئایا دەکرێت چ ڕێگایەکی دی بگیرێنە بەر بۆ دروستکردنی بونیادێکی دیکەی جیاواز لەو بونیادەی ئەمرۆ.

١ . ئایا دەکرێت دەستبکەین بە پرۆژەی بونیادنانی کایەکان؟ وەک ئەوەی دەستبکەین  بە وەرگێڕانی هەزاران تێکست، جیاکردنەوەی ئیختیساسەکان ، دەستکردن بە ڕاڤەکردن لە ناو کایەکانداو بەرەنگاربوونەوەی کێشە مەعریفییە تایبەتییەکان؟

دیارە ئەمە ڕێگایەکی ڕاست و گرنگ و گەورەیە، کە پێویستی بە بێشومار کادری ڕۆشنبیری پلە یەک هەیە، پێویستی بەوە هەیە زانکۆکان ببن بە زانکۆی ڕاستەقینە، واتە ببن بە جێگای «بەرهەمهێنانی بیرکردنەوە» نەوەک جێگای «وانە گووتنەوە»، ببن بە شوێنی «بەرهەمهێنانی زانست» نەوەک شوێنی«تەلقینی زانست» .
ئەم ڕێگایەیان لەوە گەورەترە ببێت بە پرۆژەی هەندێ ڕۆشنبیر... ئەمەیان پەیوەندی بە پرۆژەی مۆدێرنکردنەوەی کۆی کۆمەڵگاوە هەیە. واتە ناکرێت لە سنووری پرۆژەی ڕۆشنبیرێک یان گروپێک ڕۆشنبیردا قسەی لەسەر بکەین.
لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە شتێک بکەم کە بەردەوام لە دنیای ئێمەدا بەشێوەیەکی ئێجگار بێماناو تراژیدی تێکەڵاودەکرێن. هەر کاتێک دەپرسین «ئایا ئێمە فیکرمان هەیە؟ ئایا ئێمە تازەگەریمان هەیە؟». هەمیشە دوو وەڵامت گوێ لێدەبێت. یەکەمیان نوسین و بەرهەمی نوسەرێک یان کۆمەڵێک نوسەر بە نمونە دەهێنێتەوەو ئەمەدەکاتە هەوێنی قسەکردن و دیفاعکردن لە بوونی «فیکر» و «تازەگەری» لە ئاستی کولتووری و کۆمەلایەتیشدا، کە ئەمەیان هەڵەیەکی گەورەیە چونکە بوونی پرۆژەی تازەگەری لای نوسەرێک یان کۆمەڵێک داهێنەر یەکسان نییە بە بوونی پرۆژەیەکی فیکری و نوێخوازانە لە ئاستی کۆمەلایەتیدا.
دووەمیان نەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ تازەگەری دەکاتە ماکی ئەوەی بڵێت لە دونیای ئێمەدا هیچ نییەو هەموو شتەکان وەک خۆیانن و واقیعی ئێمە نە نوسەری تیایەو نەهەوڵی جیدی تیایە بۆ گۆڕان. خاوەنی ئەمجۆرە بۆچوونانە نەبوون و نائامادەگی پرۆژەیەکی کۆمەلایەتی بۆ تازەگەری دەکەنە سەرچاوەی فەرامۆشکردن و کوشتنی هەموو پرۆژە فیکرییە فەردی و بچوکەکانیش. واتە نەبوونی فیکر لە ئاستە کۆمەلایەتی و کلتوورییە گەورەکاندا یەکساندەکەنەوە بە نەبوونی فیکر لای هەموو فەردەکان و ڕۆشنبیرانیش.
پێموایە ئەو دوو وەلامە هەر دووکیان هەڵەن. هیچ کۆمەڵگایەک سەرتاپای زوڵومات نییە و هیچ کۆمەڵگایەکیش سەرتاپای ڕوناکی و فیکرو درەوشانەوە نییە. هێند هەیە زیادو کەمی ڕووبەرەکان دەگۆڕێن ، لەوەش گرنگتر هێزی فیکر دەگۆڕێت. لە خۆرئاوا فیکر لە زۆربەی قۆناغەکاندا چالاکییەکی نوخبەوییە و هەلاوێردی تایبەتی هەیە. تا دێت فیکر نوخبەویتریش دەبێت، بەلام ئەوەی خۆرئاوا لە شوێنەکانی تر جیادەکاتەوە، هێزی ئەو نوخبەیەو شوێنیتی لە پێکهاتی کۆمەلایەتیدا. ڕۆشنبیران لە دونیای دەرەوەی خۆرئاوادا ئەو هێزەو ئەو شوێنگەیەیان نییە.

ئەمرۆ بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو بیابانە ببینەوە، کە لە ئاستی «زانستی ڕاڤەکار»و زانستی ئاوێتەکار» دا هەیە، بۆ ئێمە کە دەخوازین ڕۆشنبیرییەکی تر بونیادبنێین بە سیفەت و بابەت و میتۆد لە ڕۆشنبیری کۆن جودا بێت ئەو خەونەی دونیایەکی ڕۆشنبیریمان هەبێت ، کایەکان تیا جیابووبێتنەوەو پەیوەندی کادێرەکانی هەر یەک لەو کایانە بە فەزای زانستەکانی خۆیانەوە لە پلەیەکی بەرزدا بێت و هاوشانی گەشەی مەعریفە بێت لە دنیادا... ئەمەیان دەرگایەکی داخراوە، لایەنی کەم دڵنیام لەوەی نەوەی ئێمە دەمرین و ئەو بەهەشتە مەعریفییە نابینین.
واتە ئەو پرۆژەیەی کە ناویدەنێم «شۆڕش لە ستراکتوری دەزگا فیکرییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردیدا» کە تاکە ڕێگایەکە فیکر بتوانێت بەهۆیەوە لە پرۆژەی«شۆڕش لە ستراکتوری کۆمەلایەتدا» بەشداربێت، ڕێگایەکی داخراوە.

٢ـ رێگای دووەم ، ڕێگایەکی ناو کۆییە، واتە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناوکۆییەکی مەعریفی گشتی. ئەوە ئەو جۆرە هەوڵدانەیە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کاری تیادەکەن و هەوڵەکانی منیش وەک نوسەرێک دەچێتە ژێر هەمان خانەوە.

لێرەدا هەموو هەوڵەکان بە ئاراستەی کایەیەکی دەستنیشانکراوی زانست ناکەونە گەڕ. بەڵکو ئەو بابەت و کێشەو تیمە گشتی و گرنگانە دەبنە شوێنی سەرەنج کە دەکرێت لە یەک کاتدا بیرکردنەوەی ناو زیاد لە کایەیەک بوروژێنن. بۆ نمونە کۆی ئەو بابەتانەی لەو چەند ساڵەدا من ئیشم لەسەر کردوون، بابەتگەلێکن لە سنووری چەند کایەیەکی مەعریفی جیاوازدا دەسوڕێنەوە. لە کێشەی «ستراکتوری عەقڵ و پێکهاتی گووتارەکانەوە» لە ڕۆشنبیری ئێمەدا تا کێشەی توندڕەوی، لە کێشەی قەیرانی ئیرادەوە تا کێشەی مەرگپەرستی، لە کێشەی نیگاکردنمانەوە بۆ زەمەن تا سروشتی نیگامان لە شوێن و کۆچ، لە گرفتی ئەخلاقی سیاسی ئێمەوە تا گرفتە ناوەکی و فیکرییەکانی ناسیونالیزمی کوردی. کۆی ئەو کێشانە لەسەر سنووری زیاد لە کایەیەکدا دەسوڕێنەوە.

پێمولیە ئەوە تاکە ڕێگایەکە بکرێت ڕۆشنبیرانی تاکڕەو پیابڕۆن، ڕۆشنبیرانێک کە ناچارن لە زەمینێکدا کاربکەن کایەکان تیا جیانەبوونەتەوە.

لە دنیای ئێمەدا کایەکان ناتوانن لەدەرەوەی ناوکۆییەکی لەوجۆرەوە دەستپێبکەن، بۆ ئەوەی سۆسۆلۆگیایەکی کوردیمان هەبێت دەبێت پێشوەخت لەدەرەوەی سۆسۆلۆگیا، لە ژوورێک پێشتردا، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لە ڕێگای ئەو دیاردانەوە «کە لە سەر سنوری زیاد لە بوارێکدا دەسوڕێنەوە» تاوتوێکرابێتن.

هەموو زانستێک لە جەوهەردا جیابوونەوەیە لە زانستێکی تر، هەموو کایەیەک لە جەوهەردا جیابوونەوەیە لە کایەیەکی تر. واتە هەموو زانستێک بڕێکی گەورە لە «ئاوێتەبوون ـ ترکیبیة» لە پێکهاتیایەتی، زانستێکی خالیس بتوانێت لە هیچ لکێکی تری زانستەوە نەیەت و لکێکی دیکەی جیاوازی لێنەبێتەوە بوونی نییە. لە ڕۆشنبیری ئێمەشدا بە بڕوای من لە ئاست زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکاندا ئێمە لەو ساتەداین «خودی ئەو زانستە بەرهەمبهێنین کە زانستی لێوە بەرهەمدێت». جەستەی ئەو «زانستەش کە دەبێتە بەرهەمهێنی زانستی دیکە» لە کۆی ئەو دیاردانەی دونیای ئێمە دروستدەبێت، کە لە جەوهەردا سەرەپردی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفییەکانی مرۆڤی ئێمەن.

بەکورتی لەجەوهەردا من باوەڕم بەهیچ خۆهەڵپێچان و بەستنەوەیەک نییە لەگەڵ ڕۆشنبیریی باوو باڵادەستی ئێمەدا، کێشەی ڕۆشنبیری ئێمە ئێستا ئەوە نییە خۆی چۆن لەگەڵ کولتووری «تحلیلی» یان «ترکیبی» پێشتردا بگونجێنێت، چۆن ببێت بەبەردەوامی کۆن و چی بۆ ئەو کۆنە زیادبکات. لەبەرئەوەی ئەو دوو ڕەهەندە لە ڕابوردوی ئێمەدا بوونیان نییە. بە وەزیفەی خۆشمی دەزانم کە هەوڵی وەستان و جێهێشتنی ئەو ڕۆشنبیریە بدەم، لە جێگایەکی ترەوەو دەستپێبکەمەوەو لەدەرگایەکی ترەوە بچمەژوورێ... من ئەو ساتە خۆشحاڵم کە درێژکراوەی ئەو ڕۆشنبیرییە نەبم، نەبم بەبەشێکی، سیاسەتەکانی گەمارۆم نەدەن، جنێوو تەشهیرپێکردنەکانی نەمترسێنن، نائاگا نەکەومە ناو بەرهەمهێنانەوەی گووتارەکانی. واتە بە کوردی و کورتی دەبێت تەواو خەبەرداری ئەوەبین نەچینە پرۆسەی خۆهەڵپێچان و خۆبەستنەوەوە لەگەڵ ئەم ڕۆشنبیرییە باڵادەستەی ئێستاداو بەردەوام لە هەوڵی پچڕان و «قطیعة»دا بین لەگەڵیدا.

لە ئێستادا ڕۆشنیری ئێمە یان دەتوانێت لەیەکێک لە کایەکاندا ئیشبکات و ببێتە پسپۆڕ لە بوارێکدا، یان ئەوەیە وەک گەمەکەرێکی ئازاد لە سەر دیاردەکان ئیشبکات و لە سەر سنووری نێوان کایەکاندا ببێتە هێزێکی بزوێنەرو وروژێنەر، کە ئەمەیان ئەرکێکی سەختتر، بەڵام جوانترو گرنگترە.

سەبارەت بە کێشەی «میتۆد» و «میتۆدی ئەکادیمی» کە بەشێکی دیکەی پرسیارەکەی بەڕێزتانە. پێموایە میتۆد شتێک نییە بکرێت لە هیچ نوسینێکی زانستی جیابکرێتەوە، هەموو تێکستێکی گرنگ لە بوارەکانی فیکردا لە

ڕۆشنایی میتۆدێکدا کاردەکات یان بۆ خودی خۆی لە ڕەوشی ئیشکردنی خۆیدا میتۆدێکیش بەرهەمدەهێنێت. میتۆد تەنیا لە کاتی کاردا ئاشکرادەبێت، لە ڕێگای ئیشکردنی تێکستێکەوە ڕوخساری خۆی دەردەخات، بە ئەندازەیەک دەتوانین پرسیارە بەناوبانگەکەی «ییتس»ی بۆبەکاربهێنینەوە «چۆن سەما لە سەماکەر جیابکەینەوە؟»... لەڕاستیدا چۆن سەما لە سەماکەر جیانابێتەوە، لەهەمانکاتدا فیکر لە میتۆد جیانابێتەوە. بەڵام سەبارەت بە میتۆدی ئەکادیمی کە شتێکی جیاوازترە لە خودی میتۆد و مانایەکی سنوردارتری هەیە، بە دیدی من لە گرنگی خودی میتۆدا نییە. بۆ نمونە کەسانێکی زۆرهەن ئەکادیمیستن، بەڵام لە هەموو ژیانیاندا ناتوانن میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنن، ئەمە دیاردەیەکی کوردی نییە، لەسەراسەری دنیاشدا وایە. لە خۆرهەڵاتدا دەیان هەزار مامۆستای زانکۆ هەن، بەڵام ژمارەی داهێنەران و نوسەرە گرنگەکان لە پەنجەی دەست تێناپەڕن. دیارە زنجیرەیەک سیفەت هەیە لە نوسیندا کە خەسڵەتی زۆر گرنگی ناو نوسینی ئەکادیمیشن، ئەوانە دەبێت هەمیشە پارێزراو بن، واتە «کارکردنی مەنهەجی، پشت بەستن بەسەرچاوە، گەڕانەوە بۆ کەلەپووری نوسراو لەسەر بابەتەکان و لە خۆوە قسەنەکردن، ئاگاداربوون لەو ئاست و ئاڕاستەیەی کە ئەو بابەتانە لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی دنیادا هەیەتی و چەندان خاڵی تریش». ئەو داواکارییانە بەشێکن لە پێداویستییەکانی هەموو بابەتێکی زانستی، ئیدی لە ئەکادیمیاکاندا بنوسرێن یان لەدەرەوە. بەڵام دەبێت بەداخێکی گەورەوە بڵێم ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین تەواو بە پێچەوانەوەیە، من گەلەک باسی کەسانی ئەکادیمیم بینیوە کە سەرەتاکانی مەرجی ئەکادیمیبوونی تیانییەو بە پێچەوانەشەوە لەدەرەوە، لە هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامەدا باسی کەسانی غەیرە ئەکادیمی دەبینم کە هەموو سیفەتێکی باسی ئەکادیمیای تیایە. یەکێک لەو هەڕەشە گەورانەی کە ئەمڕۆ لەبەردەم خوێندن و ڕۆشنبیری ئێمەدایە، ئەوەیە کە زانکۆو ئەکادیمیاکانمان بەتایبەت لە بواری زانستە ئینسانییەکاندا بەئاستی پێویست ئەکادیمی نین. ئەکادیمی بوون تەنیا شێوازی ڕیزکردنی سەرچاوەکان و دابەشکردنی تێکستەکان نییە بەسەر کۆمەڵێک فەسڵ و تەوەردا، ئەکادیمی بوون ئاگاداربییە لە قوتابخانە فیکرییە کۆن و نوێکان، دیالۆگە لەگەڵ فیکری جیهانیدا... ئەکادیمی بوون لە ڕووبەرێکی گەورەیدا واتە ئاگاداربوون لە فیکری خۆرئاواو دنیا، بریتییە لە توانای نوێبوونەوە، بریتییە لە مامەڵەیەکی داهێنەرانە لەگەڵ زانیارییەکاندا. گەر تۆ دژ بە ناسینی فیکری فەلسەفی و زانستی خۆرئاوابوویت، لە یەک کاتدا لە چوار زانکۆشدا مامۆستابیت، ئەوە ناتکاتە ئەکادیمی. چونکە ئەکادیمییەت بەر لە هەرشتێک خوازیاری گەورەترین بڕی مەعلوماتە لەسەر دیاردەکان... بەڵام کە من نوسینێک بخوێنمەوە لەمسەر بۆ ئەسەر لە کۆمەڵێک مەعلوماتی تەقلیدی و کۆن و بەسەرچوو زیاتر هیچم نەداتێ، کە بزانم نوسەرەکەی نازانێت ئیستینتاجێک لەو زانیاریانە دەربهێنێت کە لەبەردەستیایەتی، کە بزانم زانیارییەکان نەبوونەتە دینەمۆی ئیشکردن و دۆزینەوەی تر... کەواتە من لەبەردەم باسێکی ئەکادیمیدا نیم. ئەکادیمییەت مانای گەورەترین بڕ لە زانیاری نوێ و ڕێکخراو بخەینە کار، بۆ دامەزراندن و دۆزینەوەی ڕووبەرێکی نوێی دیکە... کە تۆ هیچ یەکێک لەم شتانەت نەبینی ، ئیدی خۆ ئەکادیمیا هەر خانوویەک نییە لەوحێکی لەسەر هەڵواسین و لێی بنوسین زانکۆ، یان ئەنستتیوت یان ئەکادیمیا.

بەهەرحاڵ لەو تێبینیانە بگوزەرێت ، لەدەرەوەی هەمو مەرجەکانی ئەکادیمیاشەوە دەکرێت گەلەک تێکستی قەشەنگ بنوسین، سەدان تێکستی گرنگی ناو مێژووی فیکریش هەن کە مەرجی ئەکادیمییان بەسەردا ناسەپێت و تێکستی ئازادن.. واتە وەک بەڕێزتان دەڵێن «ئیستیکشاف و ئیستنتاج» دەکات. ئەو تێکستانە تەعبیر لە فڕین و تەقینەوەی ناوەکی داهێنەران دەکەن. گەر بە پێوانەی ئەکادیمی تەماشای «زەردەشت بەمجۆرە هاتە گفت»ی نیتشە بکەین، دیارە کە ئەوە تێکستێکی ئەکادیمی نییە. «فەلسەفەی پاشەڕۆژ»ی فۆیەرباخ تێکستێکی ئەکادیمی نییە، «مانیفێستی کۆمۆنیست» تێکستێکی ئەکادیمی نییە، «گوێبگرە ئەی پیاوی گرکن» ی ویلهلم ڕایش بەو پێودانەی ئەمڕۆ لە ئەکادیمییەت دەگەین.ئەکادیمی نییە، دیارە سەدان تێکستی گرنگ لەو بابەتە هەیە. لە

واقیعی ئێمەشدا بایەخی تێکستەکان ئەکادیمی بوون یان نەبوونیان دەستنیشانی ناکات، سالانە کۆمەڵێک ماجستێر دەبەخشرێت کە هێزی فیکری و کاریگەری هەندێ لەو دراسانە ناگەنە ئەودیو هۆڵی مناقەشەکانەوە... دیارە لەهەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەی گرنگ و دەوڵەمەندیش زۆرن... بەڵام دواجار ئێمە دەبێت چاومان لە بڕی ئەو زانین و مەعریفەیە بێت کە لە پشت نوسراوێکەوە دەوەستێت، چاومان لە بڕی ئەو گووتارە تازەو حەقیقەتە نوێیانە بێت کە لە تێکستێکدا هەن. ئەکادیمی بوونیش بە مانای ئەوە نییە کە نوسینێک دەبێت لە هۆڵەکانی زانکۆوە بێتەدەرێ تا ببێتە ئەکادیمی، بەڵکو وەک گووتم دەشێت ئەوەی لەوێوە دێتە دەرێ ئەکادیمی نەبێت و ئەوەی لەدەرەوەی ئەکادیمیایە ئەکادیمی بێت. ئەکادیمیا خانووبەرەیەک و کۆمەڵێک مامۆستا نییە، بەڵکو ڕەوشێکە لە نوسین و داهێنان و پلانی مەعریفی.

دوا سەرەنجم ئەوەیە، بۆچوونێکی تەواو هەڵەیە هەندێ کەسی ئەکادیمی واتێبگەن، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەکادیمین دەتوانن ببنە مەرجەعێکی فیکری و ئیبداعی، لەمەش هەڵەتر ئەوەیە بکەوینە پرۆسەی بێزرخکردنی زانکۆو خوێندنی ئەکادیمییەوە کە بەداخەوە هەندێ تێیدەکەون... ئەم هەڵەیەیان لەوی یەکەمیان کوشندەترە . هەموو ڕەخنەیەک لە زانکۆو لە خوێندن و لە مەرجەعیەتی ئەو دەزگایە دەبێت لە پێناوی بەهێزکردنیدا بێت، لە پێناوی توندکردن و سەختگیربووندا بێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زانستدا. ئەمڕۆ زانکۆ شوێنێکی گرنگی لە ژیانی ڕۆشنبیری ئێمەدا نییە، چونکە وەک لە جێگایەکی دیکەدا گووتوومە «مەرجەعییەتی زانکۆ بە مەرجەعییەتی عەقڵەکانی ناو زانکۆ وە بەستراوە» . زانکۆ تا شوێنی «تەلقینە» جێگایەکی گرنگ نییە، بەڵام کە بووە شوێنی بەرهەمهێنانی مەعریفە ئەوسا دەبێتە جێگایەکی ئێجگار پڕبایەخ... پێموایە ئەمڕۆ دەبێت هەموو هێزە زانست دۆستەکانی ناو زانکۆ هەوڵبدەن زانکۆ لە دەزگایەکی تەلقینییەوە بگۆڕنە سەر دەزگایەکی بزوێن و بەرهەمهێن بۆ کەسانێک بتوانن بە شێوەی جیاوازو لە ئاستی جیاوازدا بیربکەنەوە، دڵنیاشم لە ناو قوتابیان و کادێرەکانی زانکۆدا ئەو توانایە هەیە. ئەگەر نەشبێت دەبێت وەک کارساتێکی کۆمەڵایەتی وەک ئەنفال سەیریبکەین و هەوڵی تێپەڕاندنی بدەین.

**پرسیار: پەیوەندی زمان و فیکر چۆن دیاریدەکەن؟ هەڵبەتە مەبەستم لە زمان نووسینەوەی فیکرە، زمانی فیکر موجامەلەی تیا نییە و مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکاندا «حقائق» دا دەکا، بەو پێیە فیکر لە تەنکاوەکانی عەقڵ بنیات نایەت و لە قووڵاییدا دەبینرێتەوە، لە پاڵ سانایی قسەکردن لەسەر ڕووە ناشیرینەکانی ڕەفتارەکانی کۆمەڵ و ئۆرگانە دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەکانی ئینجا خوێندنەوەو تەئویل کردنی مێژووی فیکر، ناکرێ فیکر ڕۆڵی ڕێنمایشی هەبێ؟ یاخود دنیا بۆ سبەێنێ ئامادەبکا؟**

بەختیار عەلی: چ شتێکی تازە ناڵێم گەر بڵێم فیکر لە دەرەوەی زمان بوونی نییە، چ شتێکی تازەش ناڵێم گەر بڵێم زمان دەتوانێت لە دەرەوەی فیکر، وەک جۆرە بەتاڵییەک، جۆرە سپێتییەک، جۆرە بێمانایییەک یاخود بە پێچەوانەوە وەک ڕۆلان بارت دەڵێت وەک جۆرە فاشیزمێک بوونی هەبێت.

جۆرە پەیوەندییەکی تراژیدی لە نێوان زمان و فیکردا هەیە، یەکێکیان بێ ئەوی دیان ناژی و ئەوی دیان بێئەوی دیان دەژی. هیوادارم ئەمە ئەو وێنەیە دروستنەکات کە فیکر وەک زەلیلێک لەبەردەم زماندا وێنابکات... من هەرگیز پەیوەندییەکە بەو شێوەیە نابینم. کاتێک دەڵێین فیکر لەدەرەوەی زمان بوونی نییە، ئەوە بە مانای ئەوە نییە جەبری زمان لەسەر فیکر جەبرێکی تاکلایەنەیەو فیکر هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر زماندا نییەو هێزێکی لە فۆرمگیربوون و ئاڕاستە وەرگرتنی زماندا نییە. بەمانایەکی دی دروستبوونی جیاوازی لە بیرکردنەوەدا جیاوازییەکی ڕیشەیی لە ستراکتوری زمانیشدا دروستدەکات. گۆڕینی شێوەکانی تێفکرین، هاوڕێیە بە گۆڕینی مانای وشەکان و سیستمی ڕێزمانی و پێکهاتەی دەلالیانەی وشەو چەشنی داڕشتنی ڕستە. ئەوەی پێیوایە

زمان نەگۆڕەو ئەوە تەنیا بیرکردنەوەیە دەگۆڕێت، ئەوانەن کە جەبری زمان لەسەریان بۆتە ڕێگرێکی ترسناک و گەورە.

بیروبۆچونێکی تەواو هەڵەیە وا بزانین زمان لەدەرەوەی فیکر بوونێکی ڕاستەقینەو ئەکتیڤی هەیە، زمانیش تەنیا لەناو فیکردا ماناو شێوەو سروشتی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و دەتوانێت لە شێوەو ڕێزمانی قسی ڕۆژانە ئازادبێت. ئەمرۆ ئێمە لە ڕۆشنبیری کوردیدا تووشی دۆخێکی زۆر پێکەنیناوی دەبینەوە، کاتێک دەبینین کەسانێک ساڵەهای ساڵە دەنوسن، بەڵام خەزنەی فیکریان خاڵییە لە بیر و دیدو سەرەنجێک بشێت بخرێتە خانەی فیکرەوە، کەچی ئەوانەن ماف بە خۆیان دەدەن قسە لەسەر زمان بکەن. زمانی فیکر تەنیا لە ناو فیکرداو هاوڕێ لەگەڵ فیکرداو ڕووبەڕوو لەگەڵ پرسیارو کێشە فیکرییەکاندا حیسابی لەگەڵدا دەکرێت، یەکێک خاوەنی کۆمەڵێک تێکست بێت کە لە قسەی ڕۆژانە بەولاوە هەڵگری هیچ ڕەهەندێکی دی نین، تووشی هیچ کێشەیەک نابێت لەگەڵ زماندا، چونکە دواجار ئەو جگە لەو زمانە مردووەی کۆمەڵێک بابەتی مردووی پێدەنوسێتەوە خاوەنی هیچی دی نییە...تەنیا لەگەڵ لەدایکبوونی فۆرمی تازەی بیرکردنەوەدا، زمان فۆرمی تازەو کێشەی تازەی بۆدروستدەبێت. کە نوسینێک پەیوەندی بە فیکرەوە نەبێت لەهەمان کاتدا پەیوەندیشی بەو زمانەوە نییە کە ڕۆشنبیرێک مەبەستێتی« دیارە بە مانا زانستی و مەعریفییەکەی زمان»... لێرەوە ئەوانەی کۆنتۆیەکی ڕۆشنبیری خاڵی و بێڕەسیدیان هەیە، قسەکردنیان لەسەر زمان مانایەکی نییە، چونکە ئەوان دواجار لەدەرەوەی فیکرو لەدەرەوەی زمانیشن.

جگە لەو کارتێکەرە ئاڵوگۆڕو هەمەڕەنگەی نێوان زمان و بیرکردنەوە. دەکرێت زمان وەک کەرەستەیەکی ترسناکی «بیرنەکردنەوە»ش بەکاربێت. بەو مانایەی زمان دەبێتە کەرەسەی گووتنەوەیەکی بەردەوامی شتە گووتراوەکان. کەرەسەی بەرهەمهێنانی تێکستی سپی و خاڵی لە ماناو ستاتیکا، دەبێتە زنجیرەیەک کلێشەی سیاسی و ئەدەبی، دەبێتە قاڵبێکی داخراوو نەگۆڕ کە هەمیشە لە یەک فەزادا دەسوڕێتەوە. زمان تەنیا ئەو کاتە فاشستیانە نییە کە مانا کۆنەکان لە ناویدا وەک بەربەست دژ بە مانا تازەکان ئاسۆکانی بیرکردنەوەمان دیواربەند دەکەن، بەڵکو کە بەناوی گۆڕینی ماناوە دەبێتە سەحرایەکی سپی و ڕوبەرێکی خاڵی لە خەیاڵ و ماناو فەنتازیا، ئەوکاتیش هەر فاشستیە. وەزیفەی نوسینی نوێ ئەوە نییە فاشستییەتی مانا کۆنەکان بگۆڕێتە سەر فاشستییەتی وڕێنەو بێمانایی... بەڵکو وەزیفەی ئەوەیە سیستمێکی بیرکردنەوەی لە قاڵبدراو بگۆڕێتە سەر سیستمێکی دیکەی بیرکردنەوە. پێشم وایە چ شتێک لەم دنیایەدا لەوە زەحمەتتر نییە، زمانێکی خاڵی لە فیکر و زانست بگۆڕیتە سەر زمانی فیکرو زانست... لەوەش سەختتر ئەوەیە زمانێکی خاڵی لە بیرکردنەوە بگۆڕیتە سەر زمانی بیرکردنەوە.

وەزیفەیەکی گرنگ و زیندوو لەمرۆی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوەیە، بەناوی نوێگەرییەوە، دەرگا لە سپێتی و بێمانایی نەکرێتەوە. هەروەها بە ناوی کوردو مەترسییەکانی سەر زمانی کوردییەوە عومرێکی درێژتر بۆ ئەو زمانە سادەو تەنک و کەنارنشینەی جاران نەنوسرێتەوە، ئەو زمانەی بە فتوحاتە سپییەکانی خۆی لەدەرەوەی فیکر خۆشحاڵە.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەتان. ئایا فیکر دەتوانێت ڕۆڵی ڕێنمایشی هەبێت؟

سەرەتا لەگەڵ بەڕێزتاندا یەکناگرمەوە کە قسەکردن لەسەر ڕووە ناشیرینەکانی ڕەفتارەکانی کۆمەڵ و ئۆرگانە دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەکانی کارێکی سانابێت. هیچ نەبێت تا ئەمرۆ قانونی بێدەنگی دەرهەق بەو ڕووە دزێوانە باڵادەستە، نەوەکو قانونی پەردە لابردن و قسەلێکردن و ئاشکراکردن. دیارە گەر مرۆڤ تەنیا قسەی لە دیاردە دزێوەکان کرد و هیچی دیکەی زیادنەکرد ئەوەیان جۆرێک لە سانایی تێدایە، بەڵام گەر مرۆڤ بۆ ڕیشەی ئەو دیاردانە گەڕا، ماناکانی پشکنی، خودی ئەو دیاردانە ڕێنماییکەری بوون بۆ شوێنی قووڵتر لە

ڕابوردوودا، بۆ ئاسۆی ترسناکتر لە داهاتوودا«واتە ئەو دیاردانە بوونە ئەو سەرەتایەی لە پشتییەوە چەندەها دیاردەی ترو دەرگای نەبینراوی ترو ڕێگای نەدۆزراوەی تر ببینین» ئەوا بێگومان ئەمەیان کارێکی سانا نییە. من وا تەماشادەکەم کە دونیای ئێمەی کورد زەمینێکی نەکێڵراوە. کە دەشڵێین زەمینێکی نەکێڵراوە، واتە دەستماندایە هەر دەرگایەک ئەوا بە دڵنیایەوە دەمانباتە سەر زنجیرەیەک ڕێگای تر. باسکارو توێژەرەوەی باشیش ئەو کەسانەن لە یەککاتدا دەتوانن بە زیاد لە ڕێگایەکدا برۆن.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێنمایکەرانەی فیکر. پێموایە بەر لەوەی وەڵامبدەمەوە دەبێت دوو جۆر لە مانای جیاواز لە پشت وشەی ڕێنماییەوە دیاریبکەم.

یەکەمیان / ڕێنمایی بە مانای ئاراستەکردن«توجیە»، بە مانای ئەوەی فیکر پرۆژەیەکی گشتی بۆ ژیان پێبێت، کۆمەڵێک ڕەچەتەی بۆ هەموو دەردەکان لابێت ، هەڵگری ڕستێک ئەمرونەهیکردن بێت ، ببێتە فەلسەفەی دەوڵەت و فەلسەفەی ژیان و فەلسەفەی کۆی کۆمەڵگا، خۆی بە دروستکەری پاشەڕۆژ و تاکە مەرجەعی خوێندنەوەی ڕابوردوو بزانێت. بەم ئاستە فیکر دەبێتە کەرەستەیەکی کوشندە، کە بە ناوی ڕێنمایی و وەزیفەی مێژووییەوە زیانی کوشندە لە کۆمەڵگاو ڕۆشنبیران و وەزیفە ئەخلاقییەکانی فیکر دەدات. واتە گەر مەسەلەی ڕێنمایی فیکر ئەوەبێت بەناوی فیکرێکی دیاریکراوو مۆدێلێکی دەستنیشانکراوی بیرکردنەوەوە حوکمبکەین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم تێڕوانینە دەمانباتەوە سەر کۆی ئەو مۆدێلە سەرتاسەریانە «شمولییانەی» کە باوەڕیان بە فیکرێکی گشتگیر و سەرتاسەری هەیە کە کۆمەڵێک زانستی چوونیەک بەرهەمدەهێنن و پییانوایە یەک سیستمی فیکری یەکانگیر دەتوانێت سیستمێکی ڕاڤەکردنی یەکانگیر بەرهەمبهێنێت. وەک ئەوەی فیکرێک پێیوابێت دۆزینەوەکانی دەتوانێت تەعمیمبکرێت و لە هەموو لقەکانی زانستدا کاربکات و لە هەموو کۆمەڵگاکان و سەردەمەکان و بوارەکاندا ڕێنماییکەر بێت. دیارە ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ سروشتی فیکر و وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی باجی گەورەی لە مرۆڤایەتی سەندووەو زیانی گەورەی لێداوە.

کێشەی گەورەی ئێمە ئەوەیە تا ئەم ساتەش خەیاڵمان لای «ڕێنمایکردنە» بەو جۆرەی لە سیستمە فیکرییە تۆتالیتارییەکاندا هەیە. فیکرێک کە ڕەچەتەیەکی پێیە، پەیامێکی گشتی پێیە، دۆست و دوژمن بەهێڵێکی پان جیادەکاتەوە، چاک و خراپ بە شێوەیەکی ڕەها بەشدەکات و بە کۆمەڵگا دەڵێت ئەمە ڕێگای ڕاستە و ئەمە ڕێگای هەڵەیە. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لە فیکر لە جەوهەردا لە تێنەگەیشتن لە خودی فیکرەوە هاتووە. خەڵکی ئێمە وا گۆشکراون چاوەڕێی پەیامێکی پێغەمبەرانە لە فیکر بکەن، هەندێ چاوەڕوانن ڕۆشنبیران وەک گەمەی شەترەنج بە چەند «نەقلە» یەک کشمات لە هەموو دزێوییەکانی دنیابکەن، گە ئەمەشیان نەبینی دەڵێن هیچ شتێک لە گۆڕێ نییە... ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی سەیر بەربڵاوە، لە سیاسییە بەرزەکانی ئێمەوە تا مرۆڤی ئاسایی سەرجادە بەوجۆرە لە ڕۆڵی ڕێنماییکەرانەی فیکر تێگەیشتوون.

ئەوەی پێتوابێت فیکرێک هەیە دەتوانێت لەسەرەوە تا خوارەوە هەموو کۆمەڵگاو هەموو ژیان و هەموو زانستەکان کۆبکاتەوەو یەک ئاراستەیان بداتێ و هەموو دەردەکان دەرمانبکات، ئەوە فیکرێکە دواجار لە دیکتاتۆرییەتدا دواییدێت.

دووەم/ هەموو فیکرێک لەیەککاتدا چاوەدێریدەکات و چاوەدێریدەکرێت. هێزی فیکر لەو زەمینە تیوری و مەعریفییەدا بەرقەرارە کە بۆ ئەو دوو پرۆسەیە پێویستی پێیەتی. فیکر تا سادەو سەتحی و موتڵەقگەرا و ڕەهاخواز بێت، تا ڕازیبێت بە کورتکردنەوە،سادەکردنەوە، گۆڕینی بۆ کەرەستەیەکی جێگیر و دۆگمایی توانای چاوەدێرکردنی لاوازتر دەبێت.

فیکر ڕامانە ، وردبوونەوەیە، پرسیارکردنە ، پشکنین و میتۆدی پشکنینە، من باوەڕم بەوە هەیە کە فیکر وەزیفەی ڕێنماییکردنی هەیە، بەڵام ئەوە جۆرە وەزیفەیەکە کە سنوورێکی مەعریفیی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە. ئەوە نییە ببێت بە بەرهەمهێن بۆ کادێری سیاسی و ئایدۆلۆژیست، بەڵکو ئەوەیە دەبێتە بەرهەمهێن بۆ

گومانی تازەو ئیشکالیاتی تازەو بابەتی تازە. فیکر بەر لەوەی ڕێنماییکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت دەبێت ڕێنماییکەری خۆی بێت. واتە سنووری چاوەدێرییەکانی خۆی و میکانیزمی چاوەدێرکردنی خودی فیکریشی هەڵگرتبێت. فیکر بۆ ئەوەی بتوانێت لە سنورێکی دیاریکراوداو دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو چاوساغمان بێت، پێویستە وازی لەوە هێنابێت خۆی وەک ئەو جۆرە لە کەرەستەی «توجیە» و «پەروەردە» تەماشابکات، کە گوایە دەتوانێت حەقیقەت بدات بە پاشەڕۆژ و لەمڕۆوە شوناسی نەوەکانی بەیانیش دیاریبکات. وازی لەوەهێنابێت ڕۆڵی پێغەمبەرایەتی بگێرێت. بۆ زیاتر ئاسانی و ڕونکردنەوەی پتری قسەکانم ئەم دوو جۆرە جیاوازە لە وەزیفەی ڕێنماییکەرانەی فیکر دەشوبهێنم بە دوو دەلیلی ڕێگاوبان. دەلیلی یەکەمیان کەسێکە دەڵێت من هەموو ڕێگاوبانەکانی دنیام لەبەرە، ڕێگای هەموو شارەکان و کوچەکانی دونیا دەزانم و سەفەرەکەشم لە بەهەشت دوایدێت. دەلیلی دووەمیان پەیمانی وا گەورەمان ناداتێ ، بەڵکو تەنیا دەیەوێت لە ناوچەیەکی دیاریکراوو لە سنووری ناو هەرێمێکدا چاوساغمان بێت و خۆی ماندوو دەکات ئەو ڕۆلە بەباشی بگێرێت، دیارە دەلیلی یەکەمیان ئەو دەلیلەیە کە دەشێت نەمانگەێنێتە هیچ جێگایەک، دەلیلێکە پڕدرۆ بارگاوی بە پەیمانی ئەفسانەیی، بەڵام دەلیلی دوومیان لە سنووری کاری خۆیدا دەتوانێت یاریدەدەرێکی چالاک بێت. لێرەوە کاتێک قسە لە ڕێنماییدەکەین، دەبێت ئاگاداری مانای وشەکەو سنوورەکانی بین. فیکر سیستمێکە بێشومار شوێن و بێشومار دەلیل و بێشومار کایەی هەیە، ئەوەی پێیدەڵێین مێژوو یان ستراکتوری کۆمەڵایەتی دواجار بەرهەمی کارلێک و پێکدادان و بەیەکداچونی ئەو دەلیلە جیاوازانەن کە لە کاتی جیاواز و شوێنی جیاوازو ئاڕاستەی جیاوازدا کاردەکەن.

بە کورتی دوو جۆر لە ڕێنماییکردن هەیە، یەکێکیان ئەوجۆرە ڕێنماییەیە کە فیکر لە ڕێگایەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر «میکانیزمەکانی بیرکردنەوە ـ اليات التفكير»دا دەردەخات، بیرکردنەوە لە «دژە بیرکردنەوە» جیادەکاتەوە. جۆرێکی دیش هەیە کە دەیەوێت میکانیزمەکانی بیرکردنەوە پەکبخات و وەزیفەیەکی سیاسی ڕووت بداتە فیکر، ڕێنماییش تەنیا لەوەدا دەبینێت کە فیکر پرۆژەی خۆی کورتبکاتە بۆ وەرەقەیەکی سیاسی. جۆری یەکەمیان جۆرە گرنگ و چالاک و کاریگەرەکەی ئیشکردنی فیکرە.

فیکر بەرلەوەی سروشتی سیاسی کۆمەڵگا دیاریبکات، دەبێت سروشتی بیرکردنەوەو سنووری چالاکی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا دیاریبکات. لەواقیعی ئێمەدا ڕۆژنامەگەریی سیاسی، ئینشای سیاسی، نوسینەوەی دروشم و هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی شوێنی فیکری گرتووەو خۆی لە بەرگی فیکردا پێشکەشدەکات و ئەو درۆیەش لەدەوری خۆی پەخشدەکاتەوە کە ئەو ڕۆڵی ڕێنماییکەر دەبینێت. من پێموایە تا سروشتی بیرکردنەوە لە دنیای کورددا نەگۆڕین ناتوانین قسە لەسەر ڕۆلی ڕێنمایکەرانەی فیکر بکەین. لە دنیای ئێمەدا تا ئەمڕۆ کە قسە لەسەر ڕۆڵی فیکر دەکرێت، قسە لە ئامۆژگاری و تێبینی دەکرێت، قسە لە وردە سەرەنجی سیاسی و هەندێک ئاگاداری دەکرێت.

لە دنیایەکدا کە فیکر خۆی بە قورسایی ڕاستەقینەی ئامادەنەبێت، ئیدی ڕۆڵی فیکریش سروشتی نەسیحەت وەردەگرێت. ڕێنماییکردن نەحوکمکردنی موتڵەقی ئایدۆلۆژیایەکە بەسەر کۆی ژیان و کۆمەڵگادا، نە ئەو زنجیرە کورت و بچوکەی نەسیحەت و ئامۆژگاری ناو ڕۆژنامەکانە... بەڵکو ئەو سانسۆرە بەردەوامەیە کە فیکر دەیخاتە سەر پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و ئەو سانسۆر و پێداچوونەوە بەردەوامەشە کە دەیخاتە سەرخودی خۆی.

هەڵەی گەورەش ئەوکاتە دەستپێدەکات کە پێمانوابێت خودی ڕەخنە وەزیفەیەکی ڕێنماییکەری نییە. ڕەخنە تەنیا ئەوە نییە قسە لە خراپییەکانی دۆخی ئێستا بکەین، بەڵکو ئەوەیە لە کاتی قسەکردندا فۆرمی دیکەی بیرکردنەوە بچەسپێنین. نامەوێت دوبارە لەسەر سروشتی ڕەخنە قسەبکەمەوە، بەڵام دەڵێم وەزیفەی فیکر ئەمڕۆ ئەوە نییە لە ئێستاوە بەناوی پاشەڕۆژەوە قسەبکات، لێرەوە هیچ نەکەین و بەناوی دروستکردنی پاشەڕۆژەوە

سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ کەسانێک دروستبکەین کە نەوەک ناتوانن دروستکەری پاشەڕۆژ بن، بەڵکو هەموو قسەکردنێکیان لە پاشەڕۆژ لە جەوهەردا بۆ خۆدزینەوەیە لە درۆی و ئیفلیجییەکانی ئێستا. فیکر ئەگەر هەڵگری ئەگەری یۆتۆپیاش بێت دەبێت لێرەوەو لە واقیعی ئێستاوە دەستپێبکات، وەک پێغەمبەرو پەیامهێنانیش نەدوێت، بەڵکو وەک یەکێک بست بە بست، دیاردە لە دوای دیاردە بەرەنگاری کێشە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە.

**پرسیار: زۆر لەسەر ڕۆشنبیر و دەسەلات نووسراوە و وتراوە، هەمیشە و لە زۆربەی باسەکاندا وەک ڕەقیب و حەریفی یەکتر دەرخراون. پێتان وانییە ئەم دوو حەقیقەتە یەک بۆ ئەوی تر زەرورەو لە دروستکردنی یەکتردا هەریەک بۆ ئەوی تر بنچینەیە؟**

بەختیار عەلی: دیارە لە ڕوو گشتییەکەیدا تەماشابکەین، ڕۆشنبیر و دەسەلات ڕەقیب و حەریف نین. بەلام پەیوەندی ڕۆشنبیرو دەسەلات، مەعریفەو دەسەلات لە خۆرئاوادا تەواو جیاوازە لەو دۆخەی کە لە کوردستان بەرچاودەکەوێت. سروشتی ئەو پەیوەندییە گەلێکجار لەلایەن من و چەندین برای دیکەشەوە قسەی لێکراوە، کە پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، ئەوەی بەردەوام تیشکی زیاتری دەوێت، کێشەی ڕۆشنبیرو دەسەلاتە لە کوردستاندا.
لەیەکێ لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لەساڵی ١٩٩٢دا پێشکەشمکرد. باسم لە یەکێ لە ئیشکالییەتە گەورەکانی ناو دەسەلاتی کوردی کرد، بەو مانایەی کە دەسەلاتی کوردی سروشتێکی هێندە سەرەتایی هەیە، دەتوانێت تەواو دەستبەرداری هەموو شێوەکانی مەعریفە بێت و بەودیویشدا پێویستییەکی بە ڕۆشنبیر نییە. دەسەلاتی کوردی هێندەی لە ڕێگای چەکدارو میلیشیاکانەوە درێژە بە بوونی خۆیدەدا، شەرعییەتی خۆی لە هیچ سیستمێکی فیکرییەوە وەرناگرێت. هەموو ڕۆشنبیرانی کورد بەیەک شەو بمرن، بە ئەندازەی گرتن و داخستنی خاڵێکی گومرگ کار لە دەسەلاتی سیاسی کوردی ناکات. ئەوەش خۆی شاهیدی ئەوەیە کە پەیوەندی ڕۆشنبیر و دەسەلات لە دنیای ئێمەدا هیچ وەخت پەیوەندییەکی ئۆرگانی نییە.
ئەم چەند ساڵەی دوایی ڕۆژ بە ڕۆژ هەقیقەتی ئەو تێزەیە زیاتر دەسەلمێنێت.
لێرەدا شتێکی گرنگ بتوانم بۆ ئەو تێزەیەی ئەو کاتی زیادبکەم ئەوەیە ئەمڕۆ دەسەلاتی کوردی ئێمە لە قەیرانێکی گرنگدا دەژی. لەسەرێکەوە ئەم دەسەلاتە هێشتا جەوهەرێکی تەقلیدی هەیەو ترسێکی گەورەی لە پرۆسەی مۆدێرنکردن هەیە، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر دەسەلاتی کوردی بیەوێت بەمجۆرە بژی و بمێنێتەوە، دەرەنجامەکانی پرۆسەی مۆدێرنکردن لەسەری کوشندە دەکەوێتەوە. لەسەرێکی دیشەوە بەوەدا ئەم دەسەلاتە لە دونیایەکی گۆڕدراودا دەژی و نایەوێت وەک هێزێکی نامۆدێرن دەرکەوێت، ناچارە فۆرمێکی ئیدارەو دەوڵەت و فەرمانڕەوایی بچەسپێنێت کە سەر بە مۆدێرنەیە.
لە نێوان ئەم جەوهەرە «تەقلیدی» و فۆرمە «مۆدێرنە»دا، دەسەلاتی ئێمە گەمەیەک دەکات کە بەهێزی و لاوازیشی پابەندی ئەو گەمەیەیە. دیارە دەسەلاتی ئێمە لەو دەساڵەی ڕابوردوودا هەموو دەزگا کۆنەکانیان خستۆتە گەڕ و کۆمەڵێک دەزگای دیکەشیان دروستکردووە، بەلام فۆرمی مۆدێرنی دەسەلات و ڕوکارە تازەکانی هەرگیز هاوشانی نوێبوونەوەیەکی جەوهەری ئەو دەسەلاتە نەبوون. ئەم کێشەیە لە کۆی ولاتە عەرەبییەکانیشدا دەبینرێت، بەلام بەوەدا ئەوان قەوارەی سەربەخۆ و چەسپیوی دەوڵەتیان هەیە، دەرەنجامەکانی بۆئەوان لە ئاستی نزیکدا بەو شێوەیە ترسناک نییە. لە واقیعی ئێمەدا فەرمانڕەوایان خۆیان بەسەربەخۆ کاردەکەن و بڕیاردەدەن، بەلام ڕۆشنبیران پتر لە ئاستی ڕۆژنامەو ئیدارەدا چالاکن، وەزیفەیان ئەوەیە بەهایەکی تازەو ڕوخسارێکی مۆدێرن ببەخشنە دەسەلاتێک لە جەوهەریدا هێشتا هەر تەقلیدییە. دەسەلاتی کوردی تائەمڕۆ

ڕۆشنبیرانی کوردی پتر وەک تیپێکی تری عەسکەری، فەیلەقێکی تر یان بەتالیۆنێکی دی لە هێزەکانی خۆیان سەیریدەکەن... کێشەی سەرەکی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە هەمیشە لەدیدی وەزیفە ئیعلامییەکانی خۆیەوە تەماشای هەموو ڕۆشنبیران دەکات. واتە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی جیاکردنەوەی فەرمانەکانی ڕۆشنبیر و فەرمانەکانی مووەزەفی ئیعلام. لە ڕاستیدا گۆڕینی شوناسی ڕۆشنبیر و تێکەڵکردنی بە شوناسی فەرمانبەری ئیعلام کولتوورێکی بەعسە کە ئەوانیش لە مۆدێلی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانەوە خواستبوویان. لە دیدی سیاسی ئێمەدا باشترین ڕۆشنبیر ئەوەیە کە ببێتە بەشێک لە دەزگا حیزبییەکان یان ببێتە بەشێک لە ئیعلامی حیزبی، یان لایەنی کەم بێهیچ گومان و پرسیارکردنێک بەلای دیاردەکاندا ڕابورێت... ئیدی ڕۆشنبیر وەک بوونەوەرێکی ڕەخنەگر، وەک کەسێکی ئازاد، وەک یەکێک کە خاوەنی پرۆژەو یۆتۆپیای خۆیەتی بە شێوەیەکی زۆر زەحمەت و لە جەنگێکی بەردەوامدا لەگەڵ بەرەگەلێکی گەورەدا دەتوانێت بەردەوامی بە خۆی بدات. ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی گەشە بە شێوە میکانیزمێکی زۆر کاریگەر دەدات بۆ پێچکردنەوە بەدەوری هەر شێوە دەسەڵاتێکی ڕەمزیدا کە ڕۆشنبیران بەدەستیدەهێنن، ئەمڕۆ لەشکرێک لەو ڕۆشنبیرانەی کە کادێری چالاکی دەسەڵاتن، پرۆسەی ئیحتیواکردنی ڕۆشنبیرانی دیکە لە ئەستۆ دەگرن. ئێستا سیاسەتێکی ئێجگار بەرفراوان لەگۆڕێیە کە سیاسەتی دەستەمۆکردنی ئەو یاخیبوونە ڕادیکالەیە کە ڕۆشنبیران لەهەموو ئان و زەمانێکدا دەبێت هەڵگری بن، لای من فیکر بەبێ ڕۆحێکی یاخی، بوونی نییە، من واتێدەگەم ڕۆشنبیران لەسەر هەر شتێکی ئەم دنیایە مساوەمەبکەن، نابێت لەسەر گیانی یاخیبوون مساوەمەبکەن.. سیاسی کورد هەرگیز پێویستییەکی جیدی بە ڕۆشنبیر نەبووە، ئەم چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆش ئەوەی سەلماند، کە دەنگی ڕۆشنبیران چەند بێکاریگەر، بچوک، بێنرخە. لە جەوهەردا هەموو دەسەڵاتێکی بەرهەمهێن «مونتج» پێویستییەکی ئۆرگانی بە ڕۆشنبیرانی بەرهەمهێن هەیە، بەڵام وەک لە چەندین شوێندا گووتوومە، ئەمڕۆ لە کوردستاندا هێزگەلێکی بێبەرهەم «نامونتج» لە ناو دەسەڵاتی سیاسیدا لە هاوپەیمانییەتێکی گەورەدان لەگەڵ ژمارەگەلێکی بەرین لە ڕۆشنبیرانی «نامونیتج»دا... ئەمەش لە پشت کۆی قەیرانە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئێمەوەیە.

**پرسیار: من پێناسەی فۆکۆم بۆ ڕۆشنبیر لە هەموو پێناسەکانی تر پێ جوانترە «المثقف الكوني». جوان بە مانا فەلسەفییەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا پێتان وا نییە فۆکۆ زیاتر کرانەوەی مێشک، بەستنەوەی فیکر بە ئێستای زەمەن، جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی بەرهەمی فیکر، نەبەستنەوەی بە قاڵبە چەقبەستووەکان و جوگرافیا لۆکاڵییەکانەوە مەبەستە؟ هەر وەک مۆنتسیکۆ لە ڕوویەکی دیکەداو لە بوارێکی دیکەدا باس لە ئینسانییەتی خۆیی و «صدفە»ی فەرەنسایی بوونی خۆی دەکا؟**

بەختیار عەلی: من پێموایە لەدونیای ئێستادا شتێک نییە ناوی «ڕۆشنبیری گەردونی» و «ڕۆشنبیری نا گەردونی» بێت. ڕۆشنبیر یان گەردونییە، یان ڕۆشنبیر نییە. ئەمڕۆ شاندادانە سەر کولتوورە لۆکاڵییە بچوکەکان، ڕۆشنبیر دروستناکات. خۆت دەزانی من بەردەوام لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەومە بەر هێرش و پەلاماردان «تازەترینیان ئەو کۆمەڵە جنێوەی برای ئازیز کاک حەکیم کاکە وەیسە». بە هەرحاڵ لەمە بگوزەرێین، ڕاستییەکی تاڵ هەیە کە دڵنیام بە ژمارەیەکی زۆر لە «ڕۆشنبیران»ی کورد قبووڵناکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بەبێ کۆنتاکتی قووڵ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ فیکری دنیادا، لەگەڵ کولتوورەکانی تردا، وە بەتایبەت لەگەڵ کولتووری فەلسەفی و مەعریفی خۆرئاوادا شتێک نییە ناوی ڕۆشنبیر بێت. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە بە ژمارەیەک خەڵکی زۆر قبووڵناکرێت، لەبەرئەوەی دواجار ئەوان دیلی وێنەیەکی ڕۆشنبیرن، هێشتا لەو وێنە دینییەی سەدەی نۆزدەو لەو وێنە ئایدۆلۆژییەی ناوەڕاستەکانی سەدەی بیست پاکنەبۆتەوە.
ڕۆشنبیر بە بۆچوونی من ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لەو دیو دراوو معطیاتی کولتوورەکەی خۆیەوە، ڕیشە لەسەر

زەوی تر داکوتێت. لەوەش بگوزەرێت، ئەو کەسێکە جیهان لە هەنووکەیی خۆیدا دەژی. جیهان بە هەموو مانا گشتییەکەی. ئەمڕۆ ئێمە لە دنیایەکدا دەژین جوتیارەکانی شارەزوور و خۆشناوەتی شەوانە تەماشای دەیان کەناڵی سەتەلایتی دەرەکی دەکەن، کەچی لە فەزای وا گۆڕدراودا، کەسانێکی تریش هەن لە ناوجەرگەی خۆرئاواوە داوا لە خەڵکی کوردی دەکەن، لەسەر کولتووری دێرینەی خۆی کڕکەوێت و شانازی بە فتوحاتە خاڵی و خەیاڵییەکانی خۆیەوە بکات، بە ڕای من ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیران کە بە ناوی نەتەوەو کەلەپوورەوە شین بۆ لۆکاڵییەت دەکەن ئاستی گەشەیان نەوەک لە ئاستی گەشەی دونیا، یان ڕۆشنبیرانی دیکەی کوردو ناوچەکەدا نییە، بەڵکو پلەی ئیرتیجاعییەتیان وادەکات لە دوای ئاستی گەشەی مرۆڤە سادەو نەخوێندەوارەکانی کوردەوە بن.

کێشەی گەورە ئەوەیە تۆ وابزانیت ئەو ڕۆشنبیرەی هەموو دنیا بە ماڵی خۆی دەزانێت و هەموو داهێنانێک بەبەشێک لە کولتووری خۆی دەزانێت و هەموو نرخ و بەهایەکی مرۆڤانە لە هەر کولتوورێکدا بێت بە نرخ و بەهای خۆی دەزانێت، ئەوە دژی میللەتەکەیەتی و بایەخ بە کولتووری خۆی نادات.

کارەسات ئەوەیە بانگەواز بۆ گەردونگەرایی وەک نیشانەی مردن بۆ کولتووری ناوخۆ تەماشابکەیت... ئەو ڕۆشنبیرانەی بانگەشەی کڕکەوتن دەکەن بەسەر کەلەپووری خۆماندا، تاکە کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکن، ناتوانن خزمەتی ئەو کەلەپوورەبکەن... ئەوەی دەیەوێت خزمەتی خۆی بکات، دەبێت ڕێگای زانستی بگرێتە بەر، کە ڕێگای زانستیشی گرتە بەر واتە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێت ڕۆشنبیرێکی گەردونی و فرە کولتووربێت. ئێمە لەهەر جێگایەکی ژیاندا پێویستیمان بە زانست هەبوو دەبێت لەدەرەوە بیهێنین، دەبێت لە ڕێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ دەرەوەدا ئەو زەمینە زانستیە بەهێزو فەراهەمبکەین. سەردەمی «خۆژێنی ڕۆشنبیریی ـ الاکتفاء الذاتی الثقافی» یەکجارو بۆ هەتاهەتایە کۆتاییهاتووە. ئەوە هێزە ئیرتیجاعییەکانی ناو کوردن دەیانەوێت کوردبوون بگۆڕنە سەر گۆڕێکی داخراو، کەلەپوور بکەن بە قەبری ئەو نەوانەی هێشتا لەدایکنەبوون... ئەوکەسەی دەڵێت پێویستم بە کەلەپووری فیکری دنیا نییە، کەسێکە پێوستی بە زانست نییە و دواجار پێویستی بە ڕۆشنبیریش نییە.

**پرسیار: بەختیار عەلی لە بەرهەمهێنانی فیکر وەک پرۆسێسێکی وەزیفی لە ئەڵقەی ئێستای زەمەندا فەزاو فاکتەرە جۆراوجۆرەکان دەخوێنێتەوە؟ یان هەر بە تەنها فەزایەک و فاکتەرێک بەسەرچاوە بۆ ئەوانی تر دەزانی؟**

بەختیار عەلی: من پێموایە هەڵە گەورەکانی ناو ژیانی ئێمە لەوەوە دێت، هەمیشە تەماشای هەندێک فاکتەرمان کردووەو ئەوانی دیکەمان فەرامۆشکردووە. سەیری دیوێکی دیاردەکانمان کردوەو دیوەکانی ترمان یادکردووە... بەشبەحاڵی خۆم لەسەر هەر بابەتێک ئیشم کردبێت، ویستوومە قسە لەو دیوانەی تر بکەم، ئەودیوانەی لە ئاسۆی ڕۆشنبیری ئێمەدا نەبووە قسەیان لەسەربکات. هەموو دیاردەیەک لە ناو تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندیدا دروستدەبێت، ئەوەی کە بە «دیاردە» ناویدەبەین، لە جەوهەردا وەک دێریدا دەڵێت «بەیەکداچوونی کۆمەڵێک نێوکۆییە- سیاقاتە»، هیچ دیاردەیەک لەدەرەوەی کاریگەرو پێکداچوونی کۆمەڵێک سیاقات دروستنابێت و گەورەنابێت. دیارە گێڕانەوەی دیارەیەک بۆ یەک فاکتەر و کورتکردنەوەی لە چەند قاڵبێکدایەکێکە لە سیفەتە جیاکەرەوەکانی ئایدۆلۆژیا لە زانست... ئەوە ئایدۆلۆژیایە لە سیاقاتی نەگۆڕدا بۆ فاکتەری نەگۆڕ دەگەڕێت. واتە پێیوایە کە دیاردەیەک تەنیا بەرهەمی هۆکارێکەو بە دەستبەسەراگرتنی ئەو هۆکارە دەکرێت کۆی شتەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببەین، بۆ نمونە حیسابکردنی فاکتەرە ئابورییەکان وەک تاکە فاکتەری بەرهەمهێن بۆ مێژوو، ئەوە جۆرە سەیرکردنێکە نرخ و کاریگەری دەیان ڕەگەزی دیکەی کاریگەر فەرامۆشدەکات، دەرەنجامیش ئایدۆلۆژیایەک بەرهەمدەهێنێت.

زانست بۆئەوەی نەبێتە ئایدۆلۆژیا بەردەوام لەسەر «فرە فاکتەری» کاردەکات. لە زانستدا دەتوانین لەسەر یەک فاکتەر ئیشبکەین، بەڵام ناتوانین کۆی دیاردەیەک بگێڕینەوە بۆ سەر یەک هۆکارو یەک فاکتەر. بەڵام لە ئایدۆلۆژیادا دەشێت ئایدۆلۆژیستەکان بەردەوام قسە لە کۆمەڵێک فاکتەر بکەن، بەڵام دواجار هێزی دەستنیشانکردن و سەرچاوەی سەرەکی دەبەخشنەوە بەیەک فاکتەری سەرەکی یان بەیەک «شا فاکتەر».

لە دیاردە بچوکەکاندا دەتوانین «شافاکتەر» دەستنیشانبکەین، بەڵام بۆ دیاردە ئاڵۆزەکان ئەستەمە قسە لە تەنیا هێزێکی دامەزرێن و دروستکەر و بەرهەمهێن بکەین... ئێمە لە دیالەکتیکەوە فێردەبین هەموو دیاردەیەک لەناوخۆیدا دژەکەی خۆشی هەڵگرتووە، دواتر لەگەڵ «لێکترازانسازی ـ تەفکیکیة» دا فێردەبین ئەوەی کە پێیدەڵێین ناکۆکی لە جەوهەردا هیچ نییە جگە لە دەرکەوتنی دیارەکان لە سیاقاتی جیاوازدا. هەموو دیاردەیەکی زیندوو لە ژیان و مێژوودا چەندە پابەندی بونیادو پێکهاتی خۆیەتی هێندەش پابەندی ئەو سیاقاتانەیە کە دەتوانن دەلالەت و مانای ئەو دیاردانە بگۆڕن. دروست وەک ئیشکردن لەسەر داشماڵی «ڕوقعەی» شەترەنج، کە ماناو هێزی هەر داشێک لە داشەکان پابەندی ئەو جێگایەیە کە لە ناو کۆی ئەو هاوکێشانەدا داگیریدەکات کە کۆی ڕوقعەکەی پێکهێناوە.

**پرسیار: ئایا مەرجە فیکر لە چوارچێوەی سەرچاوەیەکی ئایدۆلۆژی یا فەلسەفی سەرچاوەبگرێ؟ ئەگەر وانییە، لە هەل و مەرجی ئێستای نەمانی ئایدۆلۆژیا شمولییەکاندا فیکر بۆچی و لە پێناوی چیدا قووڵ دەبێتەوە؟**

بەختیار عەلی: تێکستی فیکری هەمیشە تێکستێکە بە کۆتاییەکی کراوەوە، من پێموایە ئایدۆلۆژیا درەنگتر و تەنیا لە ئەنجامی دەستکاریکردنی ماناو وەزیفەکانی فیکرەوە دروستدەبێت. ئایدۆلۆژیا گۆڕینی تێکستی فیکرییە لە تێکستێکەوە کە «کۆتاییەکی کراوە»ی هەیە بۆ جۆرە تێکستێک کە «کۆتاییەکی داخراو»ی هەیە. واتە لە تێکستێکەوە کە هەمیشە درێژکراوەی کۆمەڵێک تێکستی دیکەیەو سەرچاوەیە بۆ کۆمەڵێک تێکستی تر، بۆ تێکستێک کە لەگەڵ خۆیدا بانگەشەی کۆتاییەک دەکات، بانگەشەی دۆزینەوەی ڕاستییەکی ڕەهاو بنەمایەکی موتڵەق دەکات. من پێموایە ئایدۆلۆژیا فیکرە لە ساتەوەختی گەیشتنیدا بە ڕێگایەکی داخراو، لە کاتی گەیشتنیدا بە ساتێک چیتر نەتوانێت تەجاوەزی خۆی بکات. لێرەوە فیکر بەردەوام پێویستی بە کۆمەڵێک میکانیزم هەیە، ڕێگای بوونە ئایدۆلۆژیای لێبگرێت... پێموایە ئایدۆلۆژیا وەک «ئەگەر» وەک «ئیحتیمالێکی ناوەکی» لەناو هەموو سیستمێکی فیکریدا هەیە... کەشی سیاسی و ڕۆشنبیریش ڕۆڵێکی گەورەدەبینن لە گۆڕینی فیکردا بۆ ئایدۆلۆژیا... سیاسەت هەمیشە ڕەهەندە ئایدۆلۆژییەکانی فیکری بەلاوە گرنگە، واتە ئەو ڕەهەندانەی کە بۆنی ئەوەی لێدێت بکرێت ببنە دروشم و بەرنامە. لێرەدا حەزدەکەم کەوانەیەکی بچوکبکەمەوەو بڵێم مێژووی فیکر زۆر درێژترە لە مێژووی ئایدۆلۆژیا، یەکێ لەو قسە سەیرو سەمەرانەی ئێستا لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا دەیبیستین ئەوەیە دەڵێن «ئایدۆلۆژیا لە کۆنەوە هەبووەو هاوڕێ لەگەڵ مرۆڤدا ئایدۆلۆژیاش سەریهەڵداوە». لەگەڵ ڕێزمدا پێموایە خاوەنی ئەم قسانە نازانن باس لە چیدەکەن. میکانیزمەکانی گۆڕانی فیکر بۆ ئایدۆلۆژیا، دیاردەیەکە لەگەڵ مۆدێرنەدا دێتەپێشێ... لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژیا زاڵبوونی وەزیفە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو فیکرە بەسەر گومان و پێداچوونەوەو پرسیاردا کە ڕەهەندە زانستییەکانی فیکر دەیسەلمێنن... سەردەمانێک ئەگەری گۆڕانی فیکر بۆ دین جڵەوی چارەنوسی سیاسی و کۆمەڵایەتی فیکری دەکرد، ئایدۆلۆژیا بریتییە لە مانەوەی ڕەهەندە دینییەکانی ناو فیکر لەسەردەمی لاوازبوون و کزبوونی دیندا. لە دایکبوونی ئایدۆلۆژیا لە جەوهەریدا پابەندی کۆتاییەکانی هەرەسی دەسەڵاتی دینییە لە خۆرئاوا. ئەمڕۆ یەکێک لەوەزیفە گەورەکانی فیکر بەرگرتنە لە ئاوسان و گەورەبوونی ئەو ئەگەرە ئایدۆلۆژیانەی ناوی. دیارە هەرەسی ئایدۆلۆژیا شمولییەکان لەتەکیشیدا هەرەسی ئەو وەڵامە گشتی و شمولییەیە دەربارەی پرسیاری «فیکر بۆ؟».

ئایدۆلۆژیا شمولییەکان یەک ئامانج و غایەتی گشتی دەدەنە فیکر، هەرەسی ئەو چەشنە لە ئایدۆلۆژیا، هەرەسی ئەو جۆرەشە لە تێگەیشتن لە فیکر. لە ڕاستیدا وەلامی پرسیاری «فیکر بۆ؟»یان پرسیار لە «دوائامانجی فیکر» وەک ئەوەیە بپرسین «مرۆڤ بۆ؟» یان «دوا ئامانجی مرۆڤ لەم سەر زەمینە چییە؟» . فیکر زیندوترین چالاکی مرۆڤە، وەزیفەیەتی سەروەری مرۆڤ وەک مەخلوقێکی داهێنەر بپارێزێت، بەلام لە هەر ئاستێک و لە هەر جێگایەکدا ئامانجی تایبەتی هەیە. فیکرئامانج و غایەتێکی سەرتاسەری نییە، بەخشینی ئەو جۆرە ئامانجەش کوشتن و وێرانکردنی فیکرە. بەستنەوەو دیاریکردنێتی. وەک چۆن ئامانجی ئینسان لە سەر ئەم ئەستێرەیە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئامانجی فیکریش بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە دواجار فیکر ناتوانێت دروستکەرو نزیککەرەوەی بەهەشت بێت، لایەنی کەم تا ئێستا فیکر ئەو هێزە نییە بەهەشت بسازێنێت. «سیگمۆند باومان» لەیەکێ لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت بڕێک لە ترس هاوشانی هەموو قۆناغەکانی مێژووە بووە، بەلام باوک و باپیرانمان لە ڕۆژگاری مۆدێرنەدا پێیان وابوو گەشەی زانست و زانین ئەو ترسە کەمدەکەنەوە، بەلام ئەمڕۆ ئێمە دڵنیاین گەشەی زانینەکانی مرۆڤ پەیوەندییەکی بە ترس و قەهری ئینسانەکانەوە نییە. بە مانایەکی تر باومان مەبەستێتی بڵێ زۆری زانین بە مانای زۆری بەختەوەری نییە… لەگەڵ ئەوەشدا کە من بۆچوونەکەی باومان تەواو بەڕاست دەزانم و پێموایە فیکرو زانست ناتوانن بەختیاری بهێنن و ترس بکوژن، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە فیکر مەرجێکی گرنگی ئەو بەختیارییەیە.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**